# ئارامانە

ماریا ئەحمەد



من ئارامانە
بەدوای دەستە نەرمۆکەکانی
میهرەبانی و
هەناسە گەرموگوڕەکانی
متمانەیەکی ئەبەدی دەگەڕام
تا چیتر لەسەر خوانی
چاوەڕوانی
بە ماجەرای هەستە بێکەس و
کوژراوەکانم نەسپێردرێم
من بەختکارانە
بەدوای خۆری هیوای نەبڕاوە و
گلۆرەی بەنئاسای
بێداری شەو
لە شۆستەکانی تەنیایی
لە بەر بارانی بەرائەت
پەرشوبڵاو بوومەوە
من سەنگینانە بەدوای
گەمە نەفرەتییەکانی
ڕوانینی مانگ و
ژماردنی ئەستێرەکانی بریا
پێکی دالْغەم هەڵدەدا و
ئیدی غلۆر دەبوومەوە!
ئاخر من هەرگیز نەمدەویست
لێوە قەسریوەکانی
زستان ماچ بکەم و
وەجاغی کوێرەوەری
ژنە سەرگەردانەکان
ئاوەدان بکەمەوە!
لۆیێ هەوڵم دا
ئاوێنە تەڵخەکانی گیرۆدەیی
کە بە دیواری
لە هەزار لا درزبردووەکەی
دڵی مندا هەڵواسرابوو
وردوخاش کەم!!
ئیدی نەهێڵم
پارچە سەهۆڵەکانی هەستم
کە وەک وێنەی
منداڵێکی هێتیم
لە چوارچێوەی کوێرەوەری
ژیانی مندا کوترابوو
بکەوێتە خوارەوە و بشکێت
وەلێ ئەفسووس!

٢٠٢٥/١/٣٠